**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٨٣٧ لە ٢٠١٦/٢/١٦**

**بڕیاری**
**ژمارە ( ٧٦ ) لە ٢٠١٦/٢/٣**

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی ڕسووماتی تایبەت بە ڤیزە و مانەوە و نشینگە (إقامة)ی بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان و بڕی ئەو ڕسوومات و سزا داراییانە (الرسوم و الغرامات) کە لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان و سەرپێچییەکان وەردەگیرێت و بەهۆی نەگونجاندنی ئەو بڕە پارانەی کە لە بەشی شەشەم (ماددەکانی ٢١ و ٢٢ و ٢٣) و بەشی حەوتەم (ماددەی ٢٤) هاتووە لە یاسای (إقامة الأجانب) ژمارە (١١٨)ی ساڵی ١٩٧٨ و بە ڕەچاوکردنی ئەحکامەکانی یاسای فیدراڵی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ تایبەت بە هەموارکردنی سزا داراییەکانی کارپێکراو لە یاسای سزادان و یاسا تایبەتییەکانی تر بەهۆی گۆڕانکاری لە بەها و توانای کڕینی دراوی عێراقی، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢) لە بەرواری ٢٠١٦/٢/٣، بڕیاردرا بە:-**

**١- وەرگرتنی ڕسووماتی تایبەت بە ڤیزە و مانەوە و نشینگە (إقامة) لە هەرێمی کوردستان لەو کەسانەی کە یاسای ئاماژەپێدراوی سەرەوە دەیانگرێتەوە بەپێی خشتەی (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی ڕسووماتی تایبەت بە مانەوە و نشینگە لە هەرێمی کوردستان) کە (١٦) شازدە بڕگەیە و بەبڕگەی ژمارە (١) کارتی نشینگە لە بری ونبوون دەستپێدەکات، و بە بڕگەی ژمارە (١٦) گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە کۆتایی دێت.**

**٢- وەرگرتنی سزای دارایی (الغرامات) تایبەت بە ڤیزە و مانەوە و نشینگە (إقامة) لە هەرێمی کوردستان لەو کەسانەی کە یاسای ئاماژەپێدراوی سەرەوە دەیانگرێتەوە بەپێی خشتەی (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە دەبێت بە ناوی (خشتەی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکان لە پێدانی ڕسووماتی تایبەت بە مانەوە و نشینگە لە هەرێمی کوردستان) کە (٣٠) سی بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) گیروبوونی سەردانی هاوڵاتی بیانی دەستپێدەکات، و بە بڕگەی ژمارە (٣٠) بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن کۆتایی دێت.**

**٣- ڕێژەیەك لە داهاتی هاتوو لە هەردوو خشتەی (١) و (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە تەرخان دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وەزارەتی ناوبراو لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی کاروباری ڤیزە و نشینگە، و ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ خەرج دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان.**

٤- وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

٥- کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٦- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

**نێچیـرڤان بـارزانی**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**

**خشتە ژمارە (١)**

**خشتەی ڕسووماتی تایبەت بە مانەوە و نشینگە (إقامة) لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | کارتی نشینگە لە بری ونبوون (بدل ضائع) | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٢ | کارتی هەواڵی گەیشتن لە بری ونبوون (بدل ضائع) | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٣ | داواکاری گواستنەوەی دۆسیەی نشینگە لە نێوان پارێزگاکان | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٤ | کارتی هەواڵی گەیشتن | ١٥,٠٠٠ | پازدە هەزار دینار |
| ٥ | پێدانی ڤیزەی ڕۆیشتن لەگەڵ داواکاری | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٦ | پێدانی ڤیزەی ڕۆیشتن و گەڕانەوە لەگەڵ داواکاری | ٢٠,٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٧ | پێدانی ڕێگەدانی تێپەڕبوون (جواز مرور) لەگەڵ داواکاری | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٨ | پێدانی نشینگە بۆ کرێکار بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ | ٦٠,٠٠٠ | شەست هەزار دینار |
| ٩ | پێدانی نشینگە بۆ کرێکار بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ | ١٢٥,٠٠٠ | سەد و بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٠ | پێدانی نشینگە بۆ کرێکار بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ | ٢٥٠,٠٠٠ | دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١١ | پێدانی نشینگە بۆ کرێکار بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ | ٣٧٥,٠٠٠ | سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار |
| ١٢ | پێدانی نشینگە بۆجۆری تر بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ | ٩٠,٠٠٠ | نەوەد هەزار دینار |
| ١٣ | پێدانی نشینگە بۆ جۆری تر بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ | ١٨٥.٠٠٠ | سەد و هەشتا و پێنج هەزار دینار |
| ١٤ | پێدانی نشینگە بۆ جۆری تر بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ | ٣٧٥,٠٠٠ | سێ سەد و حەفتا و پێنج هەزار دینار |
| ١٥ | پێدانی نشینگە بۆ جۆری تر بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ | ٥٥٠,٠٠٠ | پێنج سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٦ | گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە | ١,٢٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار |

**خشتە ژمارە (٢)**

**خشتەی سزایی دارایی (الغرامات) بۆ سەرپێچیەکان لە پێدانی ڕسووماتی پێویستی تایبەت بە مانەوە و نشینگە (إقامة) لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | جۆری سەرپێچی | بڕی سزا (بە ژمارە) | بڕی سزا (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (١-٧) ڕۆژ | ٢٠٠,٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ٢ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (٨-١٤) ڕۆژ | ٣٠٠,٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار |
| ٣ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (١٥-٢١) ڕۆژ | ٤٠٠,٠٠٠ | چوار سەد هەزار دینار |
| ٤ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (٢٢-٢٨) ڕۆژ | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ٥ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (٢٩-٣٥) ڕۆژ | ٦٠٠,٠٠٠ | شەش سەد هەزار دینار |
| ٦ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (٣٦-٤٢) ڕۆژ | ٧٠٠,٠٠٠ | حەوت سەد هەزار دینار |
| ٧ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (٤٣-٤٩) ڕۆژ | ٨٠٠,٠٠٠ | هەشت سەد هەزار دینار |
| ٨ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (٥٠-٥٦) ڕۆژ | ٩٠٠,٠٠٠ | نۆ سەد هەزار دینار |
| ٩ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (٥٧-٦٣) ڕۆژ | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ١٠ | گیروبوونی سەردانی هاووڵاتی بیانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگە لە (٦٣ ڕۆژ زیاتر) بۆ هەر مانگێك | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ١١ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (١-٧) ڕۆژ | ٢٠٠,٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ١٢ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (٨-١٤) ڕۆژ | ٣٠٠,٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار |
| ١٣ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (١٥-٢١) ڕۆژ | ٤٠٠,٠٠٠ | چوار سەد هەزار دینار |
| ١٤ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (٢٢-٢٨) ڕۆژ | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٥ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (٢٩-٣٥) ڕۆژ | ٦٠٠,٠٠٠ | شەش سەد هەزار دینار |
| ١٦ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (٣٦-٤٢) ڕۆژ | ٧٠٠,٠٠٠ | حەوت سەد هەزار دینار |
| ١٧ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (٤٣-٤٩) ڕۆژ | ٨٠٠,٠٠٠ | هەشت سەد هەزار دینار |
| ١٨ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (٥٠-٥٦) ڕۆژ | ٩٠٠,٠٠٠ | نۆ سەد هەزار دینار |
| ١٩ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (٥٧-٦٣) ڕۆژ | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |

**خشتە ژمارە ( ٢ )**

**خشتەی سزایی دارایی ( الغرامات ) بۆ سەرپێچیەكان لە پێدانی ڕسوماتی پێویستی تایبەت بە مانەوە و نشینگە ( إقامة ) لە هەرێمی كوردستان**

| ژ | جۆری سەرپێچی | بڕی سزا (بە ژمارە) | بڕی سزا (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی نشینگە لە (٦٣ زیاتر) بۆ هەر مانگێك | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ٢١ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (١-٧) ڕۆژ | ٢٠٠,٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ٢٢ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (٨-١٤) ڕۆژ | ٣٠٠,٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار |
| ٢٣ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (١٥-٢١) ڕۆژ | ٤٠٠,٠٠٠ | چوار سەد هەزار دینار |
| ٢٤ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (٢٢-٢٨) ڕۆژ | ٥٠٠,٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ٢٥ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (٢٩-٣٥) ڕۆژ | ٦٠٠,٠٠٠ | شەش سەد هەزار دینار |
| ٢٦ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (٣٦-٤٢) ڕۆژ | ٧٠٠,٠٠٠ | حەوت سەد هەزار دینار |
| ٢٧ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (٤٣-٤٩) ڕۆژ | ٨٠٠,٠٠٠ | هەشت سەد هەزار دینار |
| ٢٨ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (٥٠-٥٦) ڕۆژ | ٩٠٠,٠٠٠ | نۆ سەد هەزار دینار |
| ٢٩ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (٥٧-٦٣) ڕۆژ | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |
| ٣٠ | بەسەرچوونی ماوەی ناسنامەی هەواڵی گەیشتن لە (٦٣ ڕۆژ زیاتر) بۆ هەر مانگێك | ١,٠٠٠,٠٠٠ | یەك ملیۆن دینار |